سەماحەتی حەکیم چاوی بە شێخ وپیاوە دیارەکانی بابل دەکەوێت و داوا دەکات شانازی بە بنەمای ناوەندگیری بکەن و هۆشیارانە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن

بەرێز سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە پارێزگای بابل چاوی بە کەمەك شێخ و پیاوە دیارەکانی پارێزگاکە کەوت و تێیدا پرسیبە بەنێی یادی شەهید بوونی ئیمامی حوسێن(سەلاوی لێ بێت) پێشکەش کرد و ئاماژەی بە ڕۆڵی ئیمام سەجاد (سەلاوی لێ بێت) کرد لە زیندووکردنەوەی بەهاکان و ڕەوشت لە نەتەوە و بەرزکردنەوەی وریی دەروونی موسڵمانان لە ڕێگای شەوازی ڕەحی و مرۆیی وەك نزا کردن و فرمێسك ڕشتن لە یادی عاشورا و مەزلومیەتی ئەهلی بەیت.

بەڕێز حەکیم داوای هەوەدان بە نەهێشتنی نائومێدی و بەاوکردنەوەی شتی ئەرێنی لە کەمەگەدا کرد لە ڕێگەی تیشک خستنە سەر دەستکەوتە نەتەوەییەکان و جەختی لەوە کردەوە کە دروستکردنی متمانە پێویستی بە هاوبەشیکردنی چیرۆکی سەرکەوتن و هاندانی هۆشیار کردنی خەڵك هەیە تا بەرەو گەڕانکاری ئەرێنی بچن.
هەروەها سەماحەتی جەختی لەسەر گرنگی بەشداریکردنی فراوان و هۆشیارانە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا کردەوە و داوای هەڵبژاردنی گونجاوترین وباشترین کاندیدی لیستی کرد و تێئکیدیکردەوە کە کەبەکە دەبێت لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی بەرنامە و خزمەتگوزاری ڕاستەقینە بێت نەك لەسەر بنەمای دروشم و ناوزاندن.

لەکۆتاییدا سەماحەتی حەکیم دەستیگرت بە پرۆگرامی ناوندگیری و هاوسەنگی بەپێیەی کە باشترین و سەلامەتترین ڕێگایە بە بنیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێز، کە بتوانێت سەقامگیری سیاسی و کەمەلایەتی و ئابووری دەستەبەر بکات.
هەروەها ئاماژەی کرد کە پتەوکردنی ئەو پرۆگرامە و بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و کەمەگەیی بەرپرسیارێتی کەمەك و دەکەوتە سەر شانی نوخبە و کاریگەرەکانی گەڵپانی نیشتمانی.